

## بزاڤی ڕای گشتی لەناو بازنەی ئینتیماکاندا

## ئازا حەسیب قەرەداخی

**بەروار** 2002/3/12

**مەبەستم لە :**

**★ ڕای گشتی : گردوکۆی ڕای زۆرینەی خەڵکێکە لە بارەی هەر بابەتێکەوە لە ناو کایەکانی کۆمەڵایەتی – سیاسی – ئابووری و کارگێڕیدا بەمەبەستی گۆڕین .**

**مەبەستم لە :**

**★ بازنە : جوگرافیا و پانتایی دروست بوون و نەشونماو جموجۆڵی ئەو ڕای گشتییەیە .**

**مەبەستم لە :**

**★ ئینتیما : پەیوەست بوون و بڕواهێنانی تاکە بە پرنسیپگە لێکەوە کە بازنەی بزاڤی ئیرادەی ئەم تاکە دیاری دەکات .**

**★ لەدوای مەبەستی ئینتیما ، جارێکی تر مەبەستم لەبازنە : بازنەو رووبەرەکانی ئینتیمای تاکە**

**مەبەستم لە :**

**★ ئیرادەش : خواستو توانا و وزەی گۆڕین لەلای تاك ، کەپرۆسەیەکی فرە رەهەندو فرە شێوازە لە گوزارشتدا کەبە رای من لە فیکرەوە دەست پێ دەکات و لەکرداری دا دەگلتە ترۆپك .**

**هەڵبەت هیچ یەکێك لەو شرۆڤانەی سەرەوە پێناسەکردن کردن ( تعریف ) نییە بەو مانایەی کە واتای دیاریکراوی یەکلاکەرەوەم بۆ ئەو چەمکانە دانابێت ، بەڵکو ئەو شرۆڤانە مەبەستی منن لەبەکار هێنانی ئەو چەمکانە لەم بابەتەدا . کە لە درێژەیدا دەچمە سەر وەردەکارییەکانی لێکدانەوە و بەکار هێنانیان لە ئاڤاری باسەکەمدا .**

**★ لەبارەی ئیرادەی گۆڕینەوە ئەگەر قسەیەکم هەبێت دەبێت بڵێم : ئیرادەی گۆڕین بوونەوەرێکی زیندووە لەهەناوی هەموو کەسێکدا و ، کارتێکەرێکی ناوخۆیی یان دەرەکی پێویستە کە بیبزوێنێ .**

**بە لێکدانەوەیەکی تر ئیرادەی گۆڕین وزە و توانایەکی هەمیشە هەبووە لەناو تاك و کۆمەڵدا ، بەلام نەبزواوە تاکارتێکەرێك چ خۆیی چ بابەتی کاری تێدەکات و دەیبزوێنێ . بەم لێکدانەوەیە پرسیار لەو بارەیەوە ناکرێ کە ئاخۆ مرۆڤ ئیرادەی گۆڕینی هەیە یان نەء ، بەڵکو پرسیارە لەوبارەیەوە دەکرێ کەکام کارتێکەر دەتوانێ کاردانەوەو کرداری گۆڕین دروست بکات .**

لە دیدگایەکی دیکەشەوە دەکرێ بڵێم لەبەر ئەوەی گۆڕانکاری سوننەتی ژیانەو ، پرۆسەیەکی حەتمییە و لەدایك بوونی ڕەهایەتی جووڵە و ئەزەلییەتی ماتریالە ، کەواتە ئیرادەی گۆڕینیش بەو رادەو جۆرە ئامادەییەکی ئەزەلی لەناو مرۆڤدا هەیەو ، مەگەرمرۆڤێك کە ئیرادەی گۆڕینی نەبێت ،ئەو مرۆڤە بوو چگەرایە بێت کە مرۆیی بوونی خۆی بۆ تاهەتایە دۆڕاندبێ ، ئەمەشیان گریمانەیەکی مەحاڵە بەلای منەوە کە هیچ مرۆڤێك هەبێ ، تاهەتایە وزەی گۆڕینی لە هەناوی خۆیدا کوژاندبێتەوە و مرۆڤایەتی خۆی سڕیبێتەوە .

٭ لەوانەیە بگوترێت زورن ئەو گۆڕانکارییانەی روو دەدەن و ئیرادەی مرۆڤیشیان دەخالەت نەبووە ، بەتایبەتیش گۆڕانکارییەکانی سروست و ماتریالی دەرەوەی مرۆڤ .

من لەو بروایەدام کە هەر گۆڕانکارییەك کە لە دەرەوەی ئیرادەی مرۆڤ رووی دابێت ، تائەو کاتە لە دەرەوە بووە کەمرۆڤ درکی بەهۆکارو نهێنییەکانی و زەمەن و رەهەندەکانی کردبێ و لە خواستەکانی خۆیدا سەر لە نوێ فۆرمەلەی کردبێتەوە و دەرەنجام کۆنترۆڵی کردووە و لە جارێکی دیکە داو لەزەمەنێکی دیکە دا کە مرۆڤ خۆی دیاری کردووە ، بەئارەزووی خۆی و بۆ خودی خۆی ئەو گۆڕانکارییە یان شێوەیەك لە شێوەکانی رەنگدانەوە و وێنا بوونەوەی ئەو گۆڕانکارییەی بەرهەم هێناوەتەوە .

دروستکردنی تەلەفۆن و لاسلکی ، بەرهەمهێنانەوەی گۆڕانکاری ناوشەپۆلەکانی دەنگ و بزاوتنی گەردیلەکانی هەواو ... هتد

دروستکردنی کۆمپیوتەر بەرهەمهێنانەوەی شێوەیەکی کارکردنی فەسلەجی و فیزیکی و کارەبایی مێشکی مرۆڤ خۆیەتی ... هتد

٭ کەواتە مرۆڤ مرۆڤایەتی خۆی ئەو کاتە سەلماندووە کە توانیویەتی ئیرادەی گۆڕین لە خۆیدا بەئاراستەی خودی خۆی و دەرەوەی خۆیدا ببزوێنێ و کاری پێ بکات . جا چ بۆ بەرهەمهێنانی گۆڕانکایی خۆیی یان بابەتی بێت یان بۆ ناسین و کۆنترۆڵکردنی ئەو گۆڕانکارییانەبێت کە لە دەرەوەی خۆی لە سروشتدا و بە شێوەیەکی خۆڕسکانە و لەژێر کاریگەریی کارتێکەرە فیزیکیو کیمیکییەکاندا و لە زەمەنێکی سروشتیدا روویان داوە .

بەم مەنتیقە دەتوانم بڵێم ئیرادەی گۆڕین کردارێکی جیانە بۆوەیە لەمرۆڤ

- یەکێك لەو توخمە سۆسیۆ –سیاسییە هەرەسەرەکییانەی کەرادەو چۆنێتی و ئاراستەی ئیرادەی گۆڕین لای تاك دیاری دەکات . ئینتیمای تاکە . ئینتیما بەو مانایەی کە پەیوەست بوونی تاکە بە پرینسیپ گەلێکەوە کە بازنەی بزاڤیئیرادەی گۆڕینی دیاری دەکەن و ئازادی بە بزاڤی ئەو ئیرادەی دەبەخشن یان سەرکوتی دەکەن .
- زەوتکردنی ئازادی ، یان بەخشینی ئازادی بەجموجۆڵی ئیرادەی گۆڕین لای تاك ، جۆری ئینتیما بڕیاری لەبارەوە دەدات و ، ئەم جۆرەش بازنەی ئینتیما دیاری دەکات .
- دەکرێ لەم بارەیەوە سێ بازنە یان رووبەری سەرەکی بۆ جۆری ئینتیماکانی تاك بکێشم کە بریتیین لە :

1 – بازنەی یەکەم : ئینتیمای بەر لە نیشتمانێتی

2 – بازنەی دووەم : ئینتیمای ئایدیۆلۆجی

3 – بازنەی سێیەم : ئینتیمای نیشتمانیی

- مەبەستم لە بازنەی یەکەم : هەموو چەشنەکانی ئینتیمای تاکە کانە بۆ پرنسیپگەلی بۆ ماوەیی کە خوێن و چەمکەکانی بەر لە ولایەتی بوون هەن وەك " عەشیرەت و تیرو هۆز و مەزهەب و ... هتد " ئینتیمای ئایینیش یەکێکە لە لووتکەکانی ئەم ئینتیمایە .
- بەش بەحاڵی خۆبم لەو بروایە دام کە تەواوی ئەم ئینتیمایانە ، ئەگەرچی لە دەورانێکی مێژووییدا بزوێنەرێکی رێژەیی ، رادەی هەر کەمی ئیرادەی گۆڕین بووبن بۆ تاك ، بەڵام لە قۆناغی شارستانێتی مێژووداو ، لە دوای سەر هەڵدانی مۆدێرنیتە بە مانا سۆسیۆ – فیکرییەکەو ، قۆناغی سەرمایەداری بە مانا ژێرخانەییە ئابوورییەکە کە جۆرو چۆنێتی پەیوەندی نێوان مرۆڤەکانی بە تەرزێکی نوێ و لەسەر بنەمایەکی نوێ داڕشتەوە کە بنەمای بازاڕی ئازادو کێبڕکێی ئازادانەیە ، ئیتر ئەو چەشنە ئینتیمایانە کۆسپ و تەگەرەن لەبەردەم بزاگی مرۆڤدا و سەرکوتکەری ئیرادەی گۆڕینن لەلای . هەرئەمەیشە کە دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو راستییە سەلێنراوەی کە یەکەمین گۆڕانکارییەك کەلە دوای شۆڕشی سەرمایەداریەوە بەرپابوو ، گۆڕانکاری بوو لە ئینتیمای تاکە کاندا ، تێکشکاندنی بازنەی ئینتیما باوەکان بوو ، کێشانی بازنەیەکی فراوانتر بوو کە بازنەی ئینتیمای نیشتمانێتییە . وا ئێستا لە ئاکاری گۆڕانکارییە خێراییەکانی دەورانی ئێستای پەرە سەندنی سەرمایەداریش دا ، وردە وردە ئەو بازنە نیشتمانییەش تێکدەشکێ و نەخشەی بازنەیەکی فراوانتر دەردەکەوێ کە ئینتیمایەکی ئەنترناسیۆنالیستی جیهانییە ، کە مرۆڤەکان لە هاوولاتییەوە دەگوازێتەوە بۆ هاوجیهانیی .
- ئینتیمای بۆ ماوەیی و خوێن ، تاك دەبەستێتەوە بە پرنسیپگەلێکی دیاری کراوی کەمی بەرتەسك کە جیهانبینی مرۆڤ تارادەی تیرەکەی یان هۆزو عەشرەتەکەی یان گرۆپەئایینییەکەی تەسك دەکاتەوەو ، تەنانەت وایشی لێ دەککات کە ئەو پرنسیپگەلانە بە پیرۆزی نەگۆڕ بزانێت و هەر کارتێکەرێکی خۆیی یان دەرەکی بەئاراستەی ئەو پرنسیپگەلانەدا ببزوێن ، ئەم دژیان دەوەستێتەوەو تارادەی جەنگی خۆکوژیی رووبەڕوویان دەبێتەوە . کەواتە ئەم ئینتیمایە ، مەودای کرانەوەی بەرووی ئیرادەی گۆڕیندا بەحەدێکی یەکجار زۆر داخراوەو ، لەوانەیە زیادە ڕۆیی نەبێت ئەگەر بڵێم هەر نییە.

- بۆ نموونە تاکێکی ئینتیماکردو بۆ عەشرەت هەرگیز عەقڵی قبوڵدەکات سەرۆك هۆزەکەی ، هاوولاتیی وەك ئێمە بێت و لەئاستی یاسادا وەك ئێمە پەیوەست بێت . هەرگیز عەقڵی قبوڵ دەکات سەرۆك هۆزەکەی ببینێ لە بانزینخانەکەی ئەو بەرەوە سەرەی گرتبێ وەك ئێمە 40 لیتر بەنزین وەربگرێ .
- بۆنموونە ، تاکێکی ئینتیماکردوو بۆ ئایین ، هەرگیز عەقڵی قبوولْ دەکات پرنسیپگەلەکانی ئایینەکەی ، تێزو چەمکی و رایەڵی پەیوەندی نێوان خۆی وخوای خۆی بێت و ، هەموو کردارو پەیوەندییە مەدەنییەکان لەسەر بناغەی یاساگەلێکی دانراو ( وضعي ) رێکبخرێن و بەڕێوەببرێن .

مەبەستم لەبازنەی دووەمیش کە ئینتیمای ئایدۆلۆجیە هەموو ئەو ئینتیما بالآ ترانەیە لەئینتیمای یەکەم و تاکی سەر بەتیرو هۆزو عەشرەت و مەزهەبی جۆراو جۆر گردو کۆدەبنەوە لە ئینتیمایەکی دیکەدا کە بەرنامەو دیدو جیهانبینییەکی فراوانتری هەیە و ، رووی لەئامانجی بالآترو پایە دارترە کە دەسەلآتی سیاسی ترۆپکیانە ن . لەو بڕوایەدام کە دروست بوونی حزبو گروپی و ڕێکخراوی سیاسی ، هەڵکشانێکی پۆزەتیڤە لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کە حزب تاکەکانی فێرکرد تەجاوەزی جیاوازییەکانی نێوان بازنەی ئینتیماکانی بۆ ماوەیی خۆیان بکەن و ، بە پرنسیپ گەلێکەوە پەیوەست بن کە ئامانجەکەی بەدیهێنانی پێکهاتەیەکی گەورەترو پێشڤەچوو ترە لەپێکهاتەی بۆ ماوەیی و ، پێکهانەی فیدراڵی . ئەویش دەوڵەت و دەسەلآتیی سیاسییە کەهەموو تاکە جیهان و — کاسب لەسەر بناغەی هاوولآتیی بوون بەشداری دەکەن لە بونیاتنان و بەڕێوەبردنیدا . بەگوێرەی گەلی کوردەوە ، لەدوای دەورانی دوورو درێژی بزاڤی خەڵك لەناو بازنەی ئینتیماکانی عەشرەتو ئیمارەتە فیدرالییەکان ، دامەزراندنی حزب تەجاوەزێکی شۆڕشگێڕانە بوو ، کە بزاڤی ئیرادەی گۆڕین خەڵکی لەئاستێکی تەسکەوە ، بۆ ئاستی گۆڕینی چارەنووسی نەتەوەیی‌و نیشتمانیی برد . بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد کە حزب پێشەوایەتی کردووە ، ئەو مەنتیقەی سەلماندووە کە گەلی کورد دەورانێکی لەئەرکو چارەنووس و بڕیار لە پێشە ، چیتر ناکرێ و ناتوانرێ بەهۆی ئینتیما لە پێشکانی بۆماوەیی جێبەجێ بکرێن ، بۆیە ناچارانەو بەپێی ئەم زەروورەتە تاکە شۆڕشگێڕو گۆڕانخوازەکان ، لەم دەورانە چارەنووسسازەدا هەموو ئینتیمایەکی دیکەی خۆیان کە بۆ عەشرەت و خێڵ و حەزهەب هەبووە لەئاستی ئینتیما بۆ حزب کە ئامڕازو کەرەستەیەکی ڕێکخراوە بۆ خەباتی گشتیی ، نیشتمانی بەلاوە ناوە . بەڵام گیرۆدەییەکە لەوە دوایە کە ئەم ئینتیما بالآیەی هەنگاوێکی ماوە بۆ ئینتیمای نیشتمانیی هاوولاتییانە ، دووچاری تەسك بوونەوە دەبێت و ، حزب لەو ئامرازی خەباتەوە دەبێتە کاریزماو ڕێکخراوەێکی پیرۆز کەدەبێتە تا هەتایە هەر بمێنێت . بەواتایەکی تر حزب کە ڕێکخراو بوونێکی خەڵکە تەجاوەزی ڕێکخراو بوونی ویراسی کردووە ، پاشەوپاش دەگەڕێتەوە و، ئەمیش بۆ خۆی دەبێتە ڕێکخراو بوونێکی ویراسی و ، پەیوەندیەکانی ناوی دەبنە پەیوەندی خوێن و ، ئینتیما بۆ حزب ئنتیمایەکی کاریزمایی موڤەرەس دەبێت کە ئیرادەی گۆڕینی تاکە مونتەمییەکانی ناوی بە سنووره کێشراوەکانی پرنسیپگەلی حزب ئابلۆقە دەدات و ، لەهەر لەخرەیەکی مێژوویی‌دا حزب هەست بکات ئەو ئیرادەی گۆڕینە لەناوەوەی حزب دەیەوێت تەجاوەزی ئەو سنووره کێشراوانە بکات ، سەرکوتی دەکات . ئەگەر کاری گەری گۆڕانکاریش لە دەرەوەی حزب بەرەو حزب ببزوێ ، ئەوا ئیملانی جەنگی لەدژ دەکات ، تەنانەت ئەگەر ئەم جەنگە بەزیانێکی فرە بۆ نیشتمان و بزووتنەوەی رزگاریخوازی و بەرژەوەندی گشتیش بێ ! .

جێی سەرنجم و مایەی لێکۆڵینەوەیە کە بۆ چی حزب ، ئەم ئامرازە خەباتگێڕانەیە ، ئەم ڕێکخراو بوونە خۆویستییە ، ئەم تەجاوزە شۆڕشگێرییە بەسەر ئنتیما باوو بۆماوەییەکاندا ، جارێکی دیکە پاشەکشە دەکات و ، هەمان پرنسیپگەلەکانی ئینتیماکانی بەر لەخۆی بەر هەمدەهێنێتەوە ! !

ئەم بەرهەمهێنانەوەیە ئەگەرچی لە رۆاڵەتدا ، هەمان بەرهەکانی پێشوونین ، بەڵام لە جەوهەرو ماناو دەلالەتەکاندا وێن بوونەوەیەکی دیکەی ئەوانن لە رەنگو روخسارێکی دیکەو ، لەزەمێکی دیکەدا .

وەلامـی ئـەم پرسـیارانە دەمانبەنـە سـەر ئـەو جێیەکـە بڵـێم ، ئینتیمـا ی ئایـدیۆلۆژی ، دووبـارە پیرۆزکردنەوەی ئینتیمایە ، بەڕادەی نەگۆڕین گەیشتنە پنتی نـەگۆڕینیش ، گەیشتە بـە ساتەوەختی سڕینەوەی ئیرادەی گۆڕین .

- بۆئەوەی ئـەم ساتەوەختەدروست نـەبێت ، یـان لانـی کـەم کـە دروسـتیش بـوو ، درێـژە نەکێشی و دەرەنجامی نەگەتیف تری لێ نەکەوێتەوە ن دەبێت بزاڤی پرنسیپگەلێکی بـالاتر لـە پرنسیپەکانی حزب و ئایدیۆلۆجیا دەست پی٘دەکات و خەڵك لە دەوری خۆی کۆبکاتەوە و لـەو بنبەسـتی بێباکی و بووچگەڕایی و لائوبالییەتی سیاسی و ئینتیمایی و نانیشتمانێتییە رزگار بکـات کـە بەشـێوەیەکی زۆر تایبەت نەوەی دوای راپەڕین دووچاری بوون . بەبڕوای من لەم دەورانـەدا بـرەودان بەچـەمکی ئینتیمای نیشتمانی و نەتەوەیی وەك یەك بازنـەی فـراوانتر و پێشفەچوونی لـە بازنـەی ئینتیمـای حـزب و ئایـدیۆلۆژیا ، فریـاد ڕەسـێکی سۆسـیۆ – سیاسـی و کلتـووری فرەگرنگـە . کـە گـردو کـۆی ئـیرادەی گـۆڕینی تاکـە کـانی نەتـەوە ، لـە ئینتیمـای نەتەوەییـدا بکـات . لـەو بڕوایەشـدام بەرجەستەترین شێوەکانی بەرجەستەبوونی ئەم ئینتیما نیشتمانیە لەم دەورانـەدا رێکخـراو بـوون و فۆرمەڵـەبوونی بزووتنـەوەیی رزگـاریی نیشـتمانییە لـەناو حکوومـەتی هـەرێم و پەرلـەمان و دامودەزگاکانی کۆمەڵگای سیاسی و کۆمەڵگای مەدەنی لەکوردستاندایە هەڵبەت ئـەم فۆرمەڵەبوونـە پێویسـتی بەرهـەمی زیـاتر رێکخسـتن و یاسـاکردن و پەیوەندییـەکی دیموکراسـییانە هەیـە لـەناو کەناڵـەکانی خـۆی داو لەگەڵـدەرەوەی خۆیـدا ، واتـە لەگـەڵ خـەڵك و کۆمـەڵگادا . بەمانایـەکی تـر دەورانی ئەوەیەکە ، رۆشنبیرییەکی سەراپاگیر بۆ هوشیار کردنەوەی تاکەکان بـە ئینتیمـا بـوون بـۆ هەبوونی دامەزراوەکانی کۆمەڵگای سیاسیو مـەدەنی بـەرپابکرێ و ، خـەڵك بـەوە گـۆش بکـرێ کـە لـەجیاتی ئـەوەی ئەنـدامی هۆزەکـەی ، یـان حزبەکـەی بێـت ، ئەنـدامی کۆمەڵگاکـەی بێـت واتـە ، هاووڵاتیی بێت .

★ ★ ★ ★

- کەئەم گەشتەم بەناو بازنە جیاجیاکانی ئینتیمادا کرد ، ئەوسا دەگەڕێمەوە بۆ ئـەو جێیەکـە گـوتم یەکێك لـەو توخمـە سۆسـێو – سیاسـیـیە هـەرە سـەرەکییانەی رادەو چۆنێتی و ئاراسـتەی ئـیرادەی گـۆڕینی تاکـەکان دیـاری دەکـات ئینتیمـای تاکـە . ئـیرادەی گـۆڕین یـەك بەرهـەمهاتووی خـۆیی ، خۆرسـکانە نـیـیـە ، مـادەم خـۆی بوونـەوەرێکی کۆمەڵایەتییـەو ، هوشـیاری ئـەو بەرهـەمها نـووی کارتێکـەرە دەرەکییەکانـە ن کـە سروشـت و کۆمـەڵگا ئیشـی تێـدا دەکـەن و ، هەنـدێکی زۆریـان ئەزموونەکانی پێشوو دایڕشتوون و ، هەندێکی ئـەوی دیکـەی بەرهـەمهاتووی ژیـان و زیندەگییـە . لـەماوەی تەمـەنی فیزیکیـدا ، کـە تەمـەنێکی موجـەرد نـیـیـە ، بـەڵکو تەمـەنێکی سۆسـیۆلۆجیەو لەکایـەکانی کۆمەڵایـەتی و ، سیاسـی و ئـابووری و کلتووریـدا دەبـزوێ ، هەڵدەکشـێ و رۆدەچـێت ، سەردەکەوێ و تێکدەشکێ ، پێکدەهێنرێت و ، هەڵدەوەسـتێنرێتەوە . بـەم مانایـە ئـیرادەی گـۆڕین کۆی ئەم فێربوون و هوشیارییە کۆمەڵایەتییەکە توخمی جیاجیا کاری لەدروست بوونیدا دەکەن . دەرەنجـام ئـەو بەرهەمـە دروسـت بـووەش تـەنیا خـۆی بـۆ خـۆی و لـەجیهانی داخـراوی خۆیـدا نامێنێتەوە ، بەڵکو دێتەوەو دەبێتەوە بەشێك لەجیهانی کۆمەڵایـەتی کـە لەگـەڵ خـەڵکانی دیکـەدا

ئەم ئیرادەی گۆڕینە خۆی دەگونجێنیٚ ، بەرنامە دەدۆزێتەوە ، کردار دەکات . لێرەوەیەکە دەتوانم بلێم ، رای گشتی گردو کۆی ئیرادەی گۆڕینی خەلکانێکە کە زۆرینەن لەهەمبەر بابەتێك .

ئەو تەحویل بوونی هوشیارییە کۆمەلأیەتیە لەناو کۆمەلگاوە بۆ ناو تاك و ، پاشان بەرهەمهێنانی ئەو ئیرادەی گۆڕینە لای تاك ، ئەوسا گەڕانەوەی ئەو ئیرادەو هوشیارییە بۆ ناو کۆمەلگا ، میکانیزمی دروست بوونی رای گشتیە . تەنیا یەك ئینتیماش دەتوانیٚ بزاڤی ئەم میکانیزمە دروست رێکبخات و بیٚ تەگەرە بیبات بەڕێوە ، ئینتیمای نیشتمانیی و نەتەوەییە . ئەگینا هەموو چەشنەکانی دیکەی ئینتیما لە جێیەکدا ، لە پنتێکدا ، لە مەبەستێکدا ، لەکەنالێکدا تەگەرە لەبەر دەم ئەم میکانیزمی تەحویل بوونە دەگرن و ناهێلن دەرەنجام یەك رای گشتی لە هەمبەر هیچ مەسەلەیەك دروست بیٚ .

بەم ماناو لێکدانەوەیە یەکە دروست بۆ ئێمەی کورد لەم دەورانەدا ، بزاڤی رای گشتیمان بگەیەنینە ناو بازنەی ئینتیمای نیشتمانیەوە . دووبارەش دەکەمەوەکە بەرجەستەترین شکلٚ و فۆرمەلە بوونی ئەم ئینتیمایە لەم دەورانەدا دامەزراوەکانی کۆمەلگای کوردستانی و ، کۆمەلگای مەدەنیی کۆمەلگای کوردستانییە .

- بەداخەوە دەلێم دەرهەق بەو دوو کۆمەلگایەش کەئینتیمای هاوولأتیی بوونی ئێمەی تێدا بەرجەستە دەبێت ، ناهەق زۆر دەکریٚ . بەتایبەتیش لەلایەن کۆمەلگای ئەهلی ( واتە کۆمەلگای ئینتیما بۆ ماوەییەکان ) و حزبەوە ( واتە کۆمەلگای ئینتیمای ئایدیۆلۆجی ) .

لەلایەکەوە کۆمەلگای ئەهلی لەدەرەوەی دەسەلأتی سیاسی و رێکخراوەکانی کۆمەلگای مەدەنی ، خۆی دەژێنێتەوە و خۆی رێکدەخاتەوەو بنکە و دامەزراوەکانی تەکیٚ و دیوەخانان دادەمەزرێنێت و بەپرنسپەکانی بەر لە ئینتیمای نیشتمانیی کار دەکەن و ، ئیرادەی خەلکەکان پەیوەست دەکات بەو پیرۆزییانەوە کە هی عەشیرەت و هۆزو خێلن لەلایەکی تریشەوە حزب لەمەراقی پاوانخوازی و قۆرخ کردن و ململانێی مانەوەی خۆیدایەو ، هوشیاری بەپیرۆزکردنی حزب بلأودەکاتەوە و ئەندامەکانی دەکاتە تەنها ئەندامی خۆی و هەموو ئینتیمایەکی تریان لەلا تەسك دەکاتەوە بۆ ناو بازنەی ئینتیماکردن بۆ حزب . بەم دووانە پلەو پایەو پێگەی بەجیٚ بۆ کۆمەلگای سیاسیو مەدەنی لە کوردستاندا دەخەنە نزمترین ئاستەکانی ئینتیما بۆ کردنەوە .

هەر ئەوەیشە کەوای کردووە ، هیچ یەکێك لەپێکهاتەکانی کۆمەلگای مەدەنی ( واتە ئەو رێکخراوو کانون و ئۆرگانانەی لەنێوان خێزان و دەولەتدان ) نەتوانن بۆ هیچ بابەتێك رای گشتی دروست بکەن . تەنانەت راگەیاندنیش تواناو وزەی بەرهەمهێنانی رای گشتی لیٚ سەندراوەتەوە ئەگەر دروستیش بکەن ، زۆر وەرزیەو ، زیاتر لە نەفیر عامی حزبی دەچێت وەك لەوەی رەئی عامی خەلك بیٚ . تەنانەت لەمەشیاندا حزب لەجێیەکدا ئەم رای گشتیە لەناو دەباتەوە .

⭑ نموونەی رای گشتی لەدژی ئیرهابی

گروپەتوند ڕەوەکانی ناو بزاڤی ئیسلامی سیاسی

- دەرەنجام هیچ بزاڤێکی رایەکی گشتیمان نابێت ، تابۆ گۆڕین نەبێت . ئەم ئیرادەیە بەرهەمی ئیرادەیەکی ئازادی تاکەکان دامەزراوە دروستەکانی کۆمەلگای سیاسیو کۆمەلگای مەدەنین کەلە پەیوەندییەکی ، دیموکراسی تەفاعولیدابن پێکەوە . ئەم دووانەشمان نابێت ، تا ئینتیمای تاکەکان

ئینتیمای نیشتمانیی نەتەوەیی نەبن . رۆشنبیرانی ئەو توێژە کۆمەڵایەتییەن کە رۆڵیان لەناو هەموو ئەم باسەدا لەپلەی یەکەمدا دێت ، بەوئیعتبارەی کە

- رۆشنبیر ئەو کەسەیە ئەرکێکی کۆمەڵایەتی لەئەستۆیە لە کایەکانی ئابووری یان سیاسی و کلتوری و کۆمەڵایەتیدا . لەم چوارچێوەیەشدا پەیوەندیئۆرگانیی بە توێژەکاننی دیکەی کۆمەڵگاوە هەیە.
- ئینتیماکان هۆکاری مانەوەیان لەم دەورانەدا هەیە و ناکرێ ئەم مافە لەتاکەکان بسێنرێتەوە .
- ئینتیمای نیشتمانیی – ئینتیمای جیهانیی
- رای گشتی جیهانیی – ئەنتەرنێت

3000 نەتەوە

- دامەزراوو رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی واتە سانديكا

- سەرمایە داری بێ بەرەنگاری فیدرالی نەهاتەدی بۆیە جیهانگەرایی سەرمایە داریش بێ بەرەنگاری نایەتەدی
- ئینتیمای بەر لەنیشتمانیی تەگەرەیە لەئاستی هاووڵاتیی بوونی تاکدا ئینجا چۆن نابێتە تەگەرە لەبەردەم جیهانگەرایی
- دەوڵەت بە لێکدانەوەی بەڵگەنامە دەوڵەتی یەکانمان نییە بەڵام خۆمان بۆ خۆمان مومارەسەی دامەزراوەکانی دەوڵەت دەکەین .